
www.kurdistannet.org
**بةكا**تي **ناوةندي ئةوروثا** 21:25 28-5-2005

# دیمانەیەک لەگەڵ سارای سوڵتانی

سازدانی گەلاوێژ بابان/سوێد



ـ ناوم (ساراکیانفەری ) ە پێشتر بە سارا
سوڵتانی ناو ئەبرام ، ئەندامی کۆمەڵەی کوردیم
لە یۆتەبۆری هەروەها ئەندامی کۆمیتەی
ئافرەتانی کۆمەڵەی کوردیم .

ـ زۆرم نەخوێندوە ، تەنیا تا پۆلی سێ
فارسیم خوێندوە لە کاتی خۆیدا .

ـ ژیانی منالّم ئاسایی نەبوو چونکە بیرمە هەر
لە تەمەنی حەوت سالیدا کارە نهێنیەکانی ناو شارم کردوە ، بۆیە
زۆر زوو هەستی خۆشەویستی خاك و ووڵات لە ژیانمدا سەری هەڵدا .

ـ بەڵێ لە یەکێك لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان دەستم کرد بەکار کاتێك کە تەمەنم بوو بە دە سال ، لە پاشاندا بووم بە پێشمەرگە و لە سەنگەردا هاوشانی برا پێشمەرگەکانم لە خەباتدا بووم .

ـ هاتم بۆ دەرەوەی ووڵات لە ساڵی ١٩٨٩ دا بوو ، سەرەتا بە هۆی بریندار بوونم لە سەنگەردا ڕەوانەی ئەڵمانیا کرام بۆ چارەسەر کردن ، بەلام بێ سود بوو چاوێکم لە دەست دا .

ـ ئێستا دانیشتووم و هیچ کارێکی سیاسی ناکەم ، جگە لە کاری کوردایەتی و خزمەتی کوردستان نەبێت .

ـ ڕاستە ژیانی ئەوروپا لە هەندێ ڕووەوە خوشە و مرۆڤ هەست بە بونی خۆی ئەکات بەلام بوە هۆی دوور کەوتنەوەم لە ووڵات و هەموو خۆشەویستانم .

ـ بۆماوەی ١٢ ساڵ لە یەکێك لە کارگەکانی ووڵاتی سوید کارم کردوە ، هەروەها لە ڕادیۆی ئاسۆ لە بەشی تەکنیك هاوکاریبان بووم ، ماوەیێکش لە ڕادیۆی کوردی شیعرو چیرۆکم بۆ مندالانی خۆشەویست خوێندوەتەوە . لە زۆربەی یادو بۆنەکانیشدا بە پارچە هۆنراوە بەشداریم کردوە .

ـ بە بۆچوونی من دیموکراتی سەربەستییە لە بیر کردنەوە و بڕیاردان .

ـ ژیانی هاوسەری خۆشترە ئەگەر پێشتر یەکتری بناسی و پەیوەندیت هەبێ بۆ ئەوەی لە یەکتر تێبگەی .

ـ بەڵێ یەکترمان ناسی و لە تەمەنی ١٨ سالّیدا بوین بە هاوسەری یەکتر ، خاوەنی دوو کورین بە ناوی ( ئارام و ئارش ) .

ـ ژیندەگی کردن لە ئەوروپا سودی زۆر بوو بۆ من ، لەوانە فێر بونی نوسین و خوێندنی زمانی سویدی

بە توانای زۆر لێکردنی خۆم ، فێری خوێندن و نوسینی کوردیش بووم کە زۆر پێی دڵ خۆشم .

- هەر یەکێک خاوەنی بەهرەییێکە ، منیش خولیای شیعر نوسینم ، هەرچەندە پلەی خوێندنم لە ئاستێکی زۆر کەم دایا ، بەلام ئەوەی هۆنراوەکانمی خوێندوەتەوە یان گوێ بیستی بووە دەسخۆشی لێکردوم . ووشەپەنگ خواردوەکانی ناو دڵ و مێشکم بەرامبەر بە خاك و وولات هانی دام دەس بە نوسینی شیعر بکەم و خەمەکانم و هیواکانم ووشە ووشە هەڵڕێژم .

- تا ئێستا (٧٦) پارچە هۆنراوەم نوسیوەتەوە ، هەمویان بۆ خۆشەویستی نیشتیمان و خاك و ئەوینداری و منداڵ و ژن و کۆمەلگا. هەندێکیان بلاوکراونەتەوە ، بەلام نەمتوانیوە بە چاپیان بگەیێنم .

- هەمویان لەلای من خۆشن وەك خەزینەیێك پاراستویانمە ، چەند هەڵبەستێکم بلاو کراوەتەوە لە گۆفارە کوردییەکاندا و لە بۆنەو یادەکانیشدا خوێندومەتەوە هەروەها لە ڕادیۆکانی ناو شاردا .

- ئافرەتی کورد چالاکە ، ژیانی ئەوروپا پڕە لە بەرپرسیارییەتی بەرامبەر بە خێزان و پەروەردە کردن و دابین کردنی دوا ڕۆژی سەرکەوتوو بۆ منداڵەکانی ، سەرەڕای کاری تایبەتی ، هەمیشە هەوڵی داوە خزمەتی کوردستان بکات و داکۆکی بکات لە مافەکانی ، پێویستە پشت بە خۆمان ببەستین و لە سەر پێی خۆمان ڕاوەستین بۆ داوا کردنی ماف و داخوازییەکانمان .

- ڕوون و ئاشکرایە کە پێشکەوتنێکی تەواو بە سیمای کوردستانەوە دیارە ، ئافرەتانیش توانیویانە ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە هەموو بوارەکاندا .

- دوا ووشەی من ، پاڵپشتی کردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ سوور بوون و بە جێهێنانی هەموو داخوازییەکانی ئافرەتی کورد، چونکە چەسپاندن و پێشکەوتنی کوردستانی باشور کاردانەوەی تەواوی دەبێ لە سەر پارچەکانی تری کوردستان . هەروەها پتەو کردنی پەیوەندی نێوان ئافرەتانی ئەوروپا و کوردستان . ئافرەت پێویستە باوەڕی تەواوی بە خۆی هەبێ .

زۆر سوپاسی ئێوەی بەڕێز ئەکەم بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە و دەست خۆشیتان لێ ئەکەم و بە خۆشی بە جێتان ئەهێڵم .....

پێم خۆشە ئەم پارچە هۆنراوەیەش بخەمە بەر چاوی خوێنەر بە ناوی (هاوار)

## هاوار

هاوار ، هاوار مرۆڤ دۆستانی جیهان
بدەن دەستێ باڵی شکەستم
سووتام ، برژام لە ناو ئاوری دەروونم
هەڵ قرچا جەرگ و دڵم ،

هاوار ، هاوار مرۆڤ دۆستانی جیهان
بڕوانن سەدەی بیستویەکەمە
بۆ منی کوردی ماڵ وێران
سەردەمی ڕۆمە ،

بڕوانن لە خاڵی ڕەشی ناو چاوانتان ...
شەهیدی دوێنێی ئەنفالم
زیندوی فرۆشراوەی ... ئەورۆم ،

هاوار ، هاوار مرۆڤ دۆستانی جیهان
بڕوانن لە خونچە گوڵە کوردستان
بڕوانن لە هەژدە خونچە گوڵی کوردستان
ئاخ چۆن کۆیلە کانی سەردەمی ڕۆمە ،